**ڕێگاکانی نواندنی ڕستە:** لە سیستەمی سینتاکسی بەرهەمهێناندا پێکهێنەرەکانی ڕستە بە سێ شێوە دەنوێنرێن. واتە سێ ڕێگامان هەیە بۆ نواندنی ڕستە، ئەم سێ ڕێگایە لە ڕووی لۆجیکەوە هەرسێکیان یەکسانن، ڕێگاکانیش بریتین لە مانەی خوارەوە:

١- **ڕێگای بە کەوانەکردن:** لە ڕێگەی بە کەوانەکردندا ڕستە بەم شێوەیەی خوارەوە دەنوێنرێت:

**ئازاد بەچەنگاڵ چێشتەکەی خوارد**

[ [v] [D] [N] [NP] [N] [P] [PP] [VP] [N] [NP] S ]

S= Santen’s = ڕستە

NP=Noon phrase / فرێزی ناوی

VP= Verb phrase / فرێزی ناوی

AP= Adjective phrase / فرێزی ئاوەڵناوی

PP= Prepositional phrase / فرێزی بەند

ADV P= Adverb phrase / فرێزی ئاوەڵکاری

P = Preposition / ئامرازی بەند ، پێشبەند

٢- **یاساکانی ڕۆنانی فرێز:** ئەمەش ڕێگایەکی ترە بۆ نواندنی ڕستە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**قوتابییەکە بۆ قوتابخانە چوو**

S = NP + VP

NP = N + D

VP = P.P + V

P.P = P + N

V = △

**ئەم یاسایەی خوارەوە چەند ڕستەی پێ دروستدەکرێت؟**

**ڕ ⟸ گ.ن + گ.ک**

**گ.ن** ⟸ { ناو + (ناسیاوی) / جێناو }

**گ.ک ⟸ (گ.ن + ک)**

**گ.ن ⟸ ناو + ( ناسیاوی)**

**ک ⟸ △**

**١-** ئازاد  هات

٢- منداڵەکە هات

٣- ئەو هات

٤- ئازاد نان دەخوات

٥- ئەو نان دەخوات

٦- قوتابییەکە نان دەخوات

٧- ئازاد نانەکەی خوارد

٩- قوتابییەکە نانەکە دەخوات

٣- ڕێگای درەختی: یەکێکی تر لە ڕێگاکانی نواندنی ڕستە برێتییە لە ڕێگای شیکردنەوەی درەختی. وەک:

